# پیاسەیەك بە نێو خواستەكانی قەسیدەی
# (گەڕان بەدوای مەرگ)ی "سارا عومەردا"



**سەرهەنگ خامۆش**
Xamosh_s@hotmail.com

خواستن لە شیعردا سەنگی مەحەك دەدەاتە هەڵویستە پڕ ماناكان و شیعر دەخاتە پاڵ ویستە سەربەخۆكانی ئەندێشە ... قەسیدەی (گەڕان بە دوای مەرگ دا) مەرگ خودی خواستنە لە هونەر و جوانی قەسیدەكە ، سارا لە ژێر پەردەیەكی ڕۆمانتیكی چۆتە نیۆهەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەكانی خواستن و بەدواچونەوەیەكی جوان و سەفەرێكی دوور و درێژی چنیوە ... لە گەڵ هەر هەناسەیەكی شیعری و حەسانەوەی كاروانی قەسیدەكەی خواستێكی جوان و پڕ میهری نواندوە ... كە دەڵێ :

**ئەمشەو**

**بە نێوانی مردن و ژیاندا تێدەپەڕم**

**لە بەبینی ڕۆژگارە فریو خواردەكان و**

**شەوە یەڵداكاندا**

**دەبمە گوڵێكی وشكی بێنازو**

**بە ئاسپایی هەڵدەوەرێم ...**

لێرەدا شاعیر لە ژێر خواستەكانی دیالێكتی شیعرەوە بە ئاراستەی ڕێگای نێوان مردن و ژین دا تیپەڕیوە لە ساتە دوورو درێژەكانی شەوە یەڵداكاندا بە بێ برانەوە ..!! دیارە ئەم سەفەرە زۆر كاری لێ كردووە و دەسەڵاتی مەرگ زاڵ بووە بەسەر ژیان دا و وەك گوڵێكی سیس لە كۆتایی دا پەیتا..پەیتا هەڵوەریوە...

دوورەپەرێزی لە باوەشی نیستمان و ئیش و ئازارەكانی نامۆیی وای كردووە شاعیر لە غوربەتەوە خواستن دەخیلی قیامەت و ژیان و مێژوو بكا... وەك دەڵێ :

**دەڕوم بە ناو دوكەڵ و تەپ و تۆزی غوربەتی خۆمداو**

**ئاساری وون بووی هەزاران مێژووی وشك دەمدۆزێتەوە**

**كەچی ئەوان هەر خۆیانم لێ لادەدەن**

## قیامەت لە پێشوازیم دا دەدرەوشێتەوە

## ژیانیش هەر لە کۆڵم نابێتەوە !

لەم کۆپەیەدا دیارە کاروانەکەی تەواو لە خۆیبێزار بووە و ماڵئاوایی لە ژیان کردووە...بەلام دیارە ژین لە کۆڵی نەبۆتەوە...مەرگیش هەمیشە دیارەدەیەکی ون بووە.. لەم قەسیدەیەدا مەرگ ئەو هەستە جیاوازەیە لە گەڵ هەستی ئەم شتەی کە چێژی لێ وەردەگیرێ...ساراش بێ گومان مەرگی کردۆتە خواستی ئەم قەسیدەیە و کە کوتایی یەکەی نازانرێ بە چی دەگا...

هەرچەندە ئەو پەنای بردۆتە بەر هەندێ شت وەك قیامەت و پاڕانەوە لە خودا و لەگەڵ ئەوەش فریشتە ئاسا مامەڵەی لەگەڵ شتەکان کردووە ...

شاعیر لە زۆر ڕوانگەوە پەنای بۆ مەرگ بردووە و کە دەڵێ :

**بە ناو کێڵگەو ڕەزە کرمێیاویەکاندا ڕادەکەم**

**لە کەنار ڕووبارە بێ ئاگاکان**

**وەك گەڕۆکێکی نا ئاسودە**

**هەڵۆیستە دەکەم و**

**دەپاڕێمەوە لە ئاو!!!**

لێرەدا شاعیر خواستن بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بەر جەستە دەکا و دەیخاتە نێو تابلۆیەکی پڕمانا و خۆی گۆشەگیری ڕووبار دەکا و لەگەڵ ئاودا دەدوێ... کە واتە هەموو ڕوانگەکان لێرەدا پەنا دەبەنە بەر دەروازەی مەرگ و مەرگیش خۆی لە سارا دەشارێتەوە...!!!

شاعیر لەو قەسیدەکەی هەر چەندە درزێکی ڕووناکی بەرامبەر ژین نواندووە بەڵام ئەویش دەخاتە ژێر سێبەری هەندێ ووشەی پڕ مەینەت کە دەڵێ :

**ئەمشەو**

**بە شێتی خۆم پێدەکەنم**

**کەچی خەندەکانم پڕدەبن لە گریان**

**قاقاکانم لافاوی فرمێسك دروست دەکەن و**

**هەر چی خۆڵی ژێر پێم و بەردەمیشم هەیە**

**لە گۆڕستانێکی غەمگین و بێ پاسەوان دەچن**

لێرەدا هەر خۆشیەك باوەشی بۆ ناخۆشیەك دەکاتەوە وەك خەندە بۆ گریان پێکەنینش بۆ لافاو خاك بۆ گۆڕستان...

هەرچەندە لێرەدا خواستن لە خودی شاعیرەوە چەکەرەی نەکردووە بە ڵام ئازارەکانی ژین وای بۆ دەخوازن ...

کە واتە لێرە دا سارا تەسلیمی قەدەر دەبێ و هەر بە دوای مەرگدا دەگەڕێ و چاوەڕوانی دەکا...هەروەك لە کۆتایی قەسیدەکە شی دەڵێ :

**بەر لەوەی مەرگ پێشوازیم لێ بکات**

**وازم لێ بهێنن...**

**با خۆم دەرگاکەمی بۆ بخمە سەرپشت!!!**

## من هەر دەگەڕێم بە دوای مەرگ دا

## هەر دەگەڕێم....

شاعیر لەم قەسیدەیەی دا ساکارانە چۆتە نێو واقیعی هونەری شیعرەوە وای کردووە خوێنەر بە ئاسانی لە قەسیدەکەی بگات بەڵام سەرەڕای ساکاریش فەلسەفەیەکی جوانی بە کار هێناوە ... ئەم جۆرە دەقەش وەك چرایەك لە نێو هونەری شیعری کۆمەڵگای هاوچەرخدا دەمێنێتەوە .